هەولێر..دەست بەسەر بڕی ٢٥ ملیۆن دیناری ساختەی عێراقیدا گیرا

ئەمڕۆ شەممە ، بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر دەستبەسەراگرتنی بڕی ٢٥ ملیۆن دیناری ساختەی عێراقی راگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر راگەیندراوەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە، لە لایەن تیمەکانمانەوە و بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر تۆمەتبارێك دەستگیرکرا کە بڕی ٢٥ ملیۆن دیناری ساختەی عێراقی لە جۆری ٢٥ هەزاری لابووە.
هەر لە راگەیندراوەکەدا هاتووە، تۆمەتبارەکە ئەو دراوە ساختەیەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە هێناوە و بێنیازبووە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ساغیبکاتەوە.

ئۆپەش خراوەتڕوو، جگەی باسە تۆمەتبارەکە چەند جارێکی دیکە بەهەمان شێوە دراوی ساختەی لابووە و لە شارەکانی خواروی عێراق ئەم دراوە ساختانەی ساغکردووەتەوە.